# رکوقینی نەتەوەییانە ,گەورەترین هەڕەشەیە.**

**نووسینی بیتێ هامەرگرێن**
**BITTE HAMARGREN**




**لە سوێدییەوە کردویە بە کوردی**
**17ژانوییەی 2005**

**بەڵام ئەو لاوانەی کە ئەم هاوینە ئەمن لە هەولێری کوردستانی ئێراق دیتمن وا نەبوون ، هەموو شتێکی ئەم دنیایەیان دەویست تەنیا نەیان دەویست سەر بە ئێراق بن ؛ ئەوانە هەرچی ئەزموونی ناخۆش هەبوو لە هەمبەر ئێراق هەیان بوو , بۆچوونیان وەک ئەو 1.7 ملیۆن کوردە وابوو کە واژووی مەرجی ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئێراق کردوە.**

لە لیکۆڵینەوەیەکدا بیتێ هامەرگرێنی SvD دەڵێت: بەمزوانە دوو ساڵان بەسەر هێرشەکەی ئەمێرکادا بۆ سەر ئێراق تێدەپەڕێت ، تابێت ئەم وڵاتە زیاتر لە بەڵکانی سەرەتای ساڵانی 1990 دەچێت ، کەتێیدا کەوتە نێو شەڕێکی خوێناوی ئەتنیکیی ناوخۆوە.

فرەئاوازی پەرلەمانهەڵبژاردنەکەی دوو حەوتووی دی ئێراق ، کێبڕکێکەی نێوان نەتەوەکانی توندوتیژترکردوە.

ئایا ئێراق هیچ پاشەڕۆژێکی هەیە ؟ گرفتەکە لەوەدایە ئێستا تا دێت خەڵکەکە کەمتر ئێراقی بوونی خۆی دەخاتە پێش تایبەتمەندییەکانی تریەوە .

هەندێک جار بیر لەو دۆستە ئێراقییە سوێدیەم دەکەمەوە کە پێش هەڵایسانی شەڕ پێی دەگوتم : " لەمەڕ سوونە , شیعە ، کورد ، فەلەو ترکمانەوە مەنووسە ، ئێمە پێش هەموو شتێک ئێراقین".

هەلومەرجەکە ئەو مرۆڤانەی دەهێنایەوە یادم کە ساڵێک پێش هەڵگیرسانی شەڕ لە یۆگۆسلاڤیای ساڵی 1991، چاووم پێیان دەکەوت ، ئەوانیش دەیانگوت " ئێمە هەر هەموومان یۆگۆسلاڤین پێمان مەیژە سێربی ، کورواتی یان بۆسنەیی".

بەڵام لەو کۆنە یۆگۆسلاڤیایە بوە چلۆن شەڕێکی خوێناوی و ئەتنیکی ساڵی 1991. رەنگە مێژوو دیسانەوە خۆی دووبارە بکاتەوە لەو ئێراقە فرەنەتەوەیی و ئایینی و لەتوپەتەدا.

گەلێک ئێراقی لە سوێد دەخوازن بە هومێدەوە بڕواننە ئایندە ، بەڵام کە قسان لەگەڵ ئەوانە دەکەیت کە تازە لە ئێراق گەڕاونەوە ، دیمەنێکی تاریکونادیار بەدی دەکەیت. راپۆرتەکانی ئەم زستانەی سەلام کەریمی هاوکاری SvD لە بەغدادەوە پیشانی دەدات کە چۆن رقوکینەی ئەتنیکی قوڵبۆتەوە گەر بەراوردی بکەیت لە گەڵ ساڵێک پێشتردا.

باسکردنەکەی ئەمرۆژانەی کەفا سمایلی ئەندازیاری ئێراقی سوێدی دەربارەی موسل کە سێهەم گەورەترین شاری ئێراقە لە SvD دا، بەشارێکی لەتوپەتی بێیاسا ناوی دەبا و گەندەڵیش ئیفلیجی کردوە. کە گەڕاوەتەوە شارەکەی جارانی تێبینی ئەوەی کردوە کە چۆن خەڵک هیچ بڕوایان بە ئەمریکا نەماوە.

کەفا سمایل کە خۆی پاشخانێکی دووڕەگی هەیە . پێش هەموو شتێک خۆی بە ئێراقی دەزانێت، بەڵام ئاخۆ دەبێت ئەمانە ژمارەیان چەند بێت ؟

بەڵام ئەو لاوانە کە ئەم هاوینە ئەمن لە هەولێری کوردستانی ئێراق دیتمن وا نەبوون ، هەموو شتێکی ئەم دنیایەیان دەویست تەنیا نەیان دەویست سەر بە ئێراق بن ، ئەوانە هەرچی ئەزموونی ناخۆش هەبوو لە هەمبەر ئێراق هەیان بوو ، بۆچوونیان وەک ئەو 1،7ملێون کوردە وابوو کە واژووی مەرجی ریفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئێراق کردوە.

هەروەها بیریش لەو سوونە عارەبانەی هۆزی بەنی حەسەنیش دەکەمەوە کە نۆڤەمبەر لە ئەردەن چاووم پێیان کەوت ـ کەسانێکن سەر بە هەمان هۆزەکانی فەلووجەن ـ کە پێناسەی سوونێتیان گەلێک بەهێزە.

شیعە موسڵمانە مەزهەبییەکانیشمان هەیە کە دەتوانیت لە جەم مزگەوتی ستی زینب لە دیمەشق و یان لە مزگەوتی ئیمامی عەلی لە یارفێلە Järfälla (*) بیانبینیت ئەگەرەکو ناخوازیت بۆخۆت بچیتە نەجەف یاخود بەغدا , کە بەلانی کەمەوە بۆ ئەمان پێناسە ئاینییەکەیان وەک پێناسەی نەتەوەیی وایە.

ئێستا لە ئێراق بازی بە کارتی نەتەوەیی دەکرێت ، زۆریش خەتەرناکە. سوپایUSA ئاگرخۆشکەری ئەم کارە بوە لە رێی بەکارهێنانی نێزیکەی 2000 پێشمەرگەی کوردەوە ، لە هێرشەکەی پایزدا بۆ سەر فەلوجە.

میلت بێەردن Milt Bearden ی سەرۆکی پێشووی سیا CIA لە ئەفگانستان لەمەڕ ئەم هەلومەرجەوە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ UPI دا دەڵت: دەستمان کردوە بە بازیکردن بە کارتی نەتەوەیی لە ئێراقدا , رێک وەک چلۆن شورەوی لە ئەفگانستاندا کردی. ئەم کارتە تەنیا لە کاتێکدا بازی پێدەکرێت کە مرۆڤ بەرەو دۆڕاندن دەبێتەوە. لە رێی فرێدانی ئەم کارتەوە بۆ سەر مێزەکە ، گوربە دۆڕاندنەکە دەدەیت.

دەگونجێت هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق بە شەڕی ڤێتنام بگریت ، بەڵام پێککگرتنێکی گێڕ . چونکە بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ڤێتنام دەبوو ئەمریکا لە گەڵ یەک دانە غەنیمدا دانوستان بکات چونکە ڤێتنام زێدەتر هۆمۆجن بوو. بەڵام وەک هەموان دەزانن ئەمریکا لە ئێراق دەبێت لەگەڵ زۆر غەنیمان دانوستان بکات .

هەموو پاکانەکانی ئەمریکاش کە بۆ شەر دژی ئێراق بانگاشەی بۆ دەکردن پووچ دەرچوون:

1- چەکی کۆکوژی لێ نەبوو.
2- هیچ پەیوەستییەک لە نێوان سەدام و ئەلقاعدە دا نەبوە، بە پێچەوانەوە هێرشەکە هەموو جیهادکارانی لە وڵاتانەوە کێش کرد بۆ ئێراق.
3- ئەمریکا ناتوانێت ئەو حکومەتەی ئەو دەیخوازێت لە بەغدا دایبمەزرێنێت، ئەو هەڵبژاردنە گشتییەی کە دەیەوێت لە ئێراق ئەنجامی بدات وا زەن دەکرێت ئەنجامەکەی پەرلەمانێکە شیعە سیستانییەکان دەسەڵاتدار دەبن تێیدا.
4- ئەمریکا ناتوانێت لە رێی شەری ئێراقەوە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناڤین سەرلەنوێ داڕێژێتەوە. هیچ رژێمێکی بەغدا چاوەڕێی ئەوەی لێناکری یەکسەر دەدان بە ئیسرایلدا بنێت. وا بڕواش دەکرێت کە حکومەتی دادێت لەلایەن سەید عەبدول عەزیز ئەلحەکیمی عەمامە بەسەرەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. کە پەیوەندی لەگەڵ ئێرانی دوژمنی بابە گەورەی ئەمریکادا پەیدا دەکات. ئەو وڵاتەی کە حەکیم بە پەنابەری تێیدا ژیاوە
5- سەرچاوەنەوتییەکانی ئێراق و عارەبستانی سعودی بەبێ هیچ ، ئێستا زیاتر سەلامەتترن لە پێش شەڕ .

لەبری ئەوەی کە ئێراق بە شەڕی ڤێتنام بچوێنین . دەتوانین لە یۆگۆسلاڤیای لەتوپەتی ساڵانی 1990 بڕوانین و بێژین کە دەستەیەکی کارای نێونەتەوەیی مامەڵکردنی قەیران لەوێدا زۆر درەنگ دەست بەکاربوون.

یان دەتوانین بە شەڕە ناوخوییە تولانییەکەی لوبنانی بگرین کە وڵاتانی دراوسێی گرپیان دا. و گرووپە ئەتنیکییەکان مەتەڕێزیان بەرامبەر یەکدی دامەزراند ، بە شیعە لەتبووەکانەوە کە دەیاخواست خۆیان قایم بکەنەوە.

لە کۆتایدا دەتوانین ئێراق بەراورد بکەین بە خۆی ، یان راستتر بێژین بەراوردی بکەین بەو دەولەتەی کە بەریتانیای مەزن لەپاش شەڕی یەکەمی جیهان مەرجدارانە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دەرهاورد و دروستی کرد . لەساڵی1920 هۆزە راپەڕیوەکانی ئێراق دۆزەخیان پیشانی ئینگلیزەکاندا تا زۆر بە زەحمەت دەسەڵاتێکی پاشایەتی بێجەماوەریان لە بەغدا دامەزراند ـ ئەو دەسەڵاتە پاشایەتییەی کە لە ساڵی 1958 دا تەختوتاراجیان تێکدا .

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە  ئێراقی ئەمڕۆ لەوە بچێت: ئەگەر گەشبینەکان بەهەڵەدا بچن!! و لەکاتێکدا قسەی بەگوومانەکان _ ئەوانەی ترووسکەی تێدا نابینن _ بەڕاست بگەڕێت!!.

---

** ڕۆژنامەی(Svenska Dagbladet ( SvD ڕۆژی یەکشەمە 16 ی ژانوییەی 2005 .

* گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵم